# بەدرۆخستنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی دژ بە د. بورهان یاسین و کەمپەین دەکرێ

## ڕاگەیاندنی ژمارە 20

چەواشەکاری ودرۆ، کورتە بالآن لەبەرامبەر بالآی بەرزی ئازادیی و ئازادییخوازیدا. ماوەی چەندرۆژیکە لێرەو لەوێ، بەتایبەتییش لە رێگای ژوورەکانی پالتاکەوە لەپەیوەند بە بەرێز دکتۆر بورهان یاسین، گوێبیستی چەند هەواڵێکی چەواشەکارانەین.
بەپێی ئەم هەوالآنە، گوایە دکتۆر بورهان یاسین، چەند لایەنێکی بەرپرس لە پارتیی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیان پێوەکردووە تا دەستبەرداری کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەیید قادر بێت، و ئەویش لەو سۆنگەیەوە وازی لە کەمپەین هێناوەو دەستی لە کار کێشاوەتەوە.
ئیمە بەم ڕاگەیاندنە فەرمییە، ئەم هەواڵە سەرلەبەر بەدرۆدەخەینەوەو ڕایدەگەیەنین، کە دکتۆر بورهان یاسین، لە سەرەتای وەرێکەوتنی کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمالەوە تائێستا، لەکەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال دا بەرپرسی کۆمیتەی سەرپەرشتیکارو ئیستاش ڕاوێژکاری ئەم کۆمیتەیەیە، و ماندونەناسانەو بێ پسانەوە سەرباری نالەباریی باری تەندروستی خۆی، دەورێکی شیاو بە کەسایەتی خۆی و بەرگرییکردن لە ئازادیی سیاسیی و ئازادیی بیروڕادەربڕینی گێڕاوەو بەکردەوە داینەمۆی بەرەو پێشبردنی کارەکانی کۆمیتەی سەرپەرشیکار بووە، هاوکات لەدەرەوەی کۆمێتەی سەرپەرشتیکاریش لیبڕاوانەو بیپسانەوە دیسان لە پەیوەند بەدۆزی دکتۆر کەمالەوە هەموو توانایەکی خستۆتە کار.
ئەم هەواڵە کە دکتۆر بورهان دەستی لەکار کێشاوەتەوە هیچ ڕاستییەکی تیا نییە، هاوکات بەرێزی لە لایەن هیچ کەس و بەرپرسێکی پارتیی و هیچ لایەنیکی ترەوە داوای لەو بابەتەی لێنەکراوە، ئەم هەواڵە نەك تەنها درۆیەکی بێ بناغەیە، بەڵکە نیشانەی مایە پوچیی ئەو کەس ولایەنانەیە بەرامبەر بە ڕەوەندی ڕوو لەپێشی بەرگری لە ئازادیی سیاسیی وئازادیی بیروڕادەربڕیندا.
ئامانج لەو درۆشاخدارانەش بۆ دوومەبەستی دیارییکراوە، یەکەم دەیانەوێ لەڕێگای ئەم چەواشەکاریانەوە کەسایەتی دکتۆر بورهان بخەنە ژێرپرسیارو جێگەوڕیگەی سیاسیی و کۆمەلآیەتیی ئەو لەکەدار بکەن، وەهاوکات گورزێك لە کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال بوەشێنن و قڵشت بخەنە ناو ئەو کەمپەینە سەراسەری و پێشکەوتنخوازانەیەی کەبۆ ئازادیی سیاسیی و بیروڕای جیاواز وەڕیخراوەو خاڵێکی کەم وێنەو درەوشاوەی مێژووی هاوچەرخی خەباتی ئازادییخوازانەیە.
هیچ کام لەم پروپاگەندە هەرزانانانە، بەئەندازەی تالە دەزویەك ڕەوەندی خەبات بۆ ئازادیی سیاسیی و ئازادیی بیروڕاو ئازادی بۆ دکتۆر کەمال، کە دکتۆر بورهان یەکێك لە بەرجەستەترین هەڵسوڕاوانییەتی، خاوناکاتەوەو ڕەوتی هاودەستیی و هاوکاریی و لێك نزیکبونەوەی بەرەی ئازادییخوازییش نەك بەم درۆ شاخدارانە لێکناترازێت، بەڵکە خودی ئەم کەمپەینە سەراسەرییە بووە هۆی لێك نزیکبوون و گردوکۆکردنەوەو بێدارکردنەوەی هەزاران ئینسانی ئازادییخواز بۆ بەرگرییکردنی ڕیکخراو لە ئازادیی بیروڕادەربیرین و ئازادیی سیاسیی، ئەم هەڵمەتی ئازادییخوازییە، ئەم دەنگە ڕەسایانە، دەنگێکین کۆمەڵگای ئەم سەردەمە بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتیی وەکو ئاو پێویستیان پێیەتی،

بۆیە ئەم چەواشەکاریی ودرۆیانە، کورتە باڵان لەبەرامبەر باڵای بەرزی ئازادیی و ئازادییخوازیدا.

کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەیید قادر

کۆمیتەی سەرپەرشتیکار

2006-2-18